دووشەممە 11ی ئاداری (مارس)ی 2002 ژمارە (494)ساڵی (57)

# ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاری توندو تیژی لەسەر مێینە ..ئامانجو چالاکییەکانی



عەدنان ڕۆژ بەیانی– سلێمانی

کێشەی توندو تیژی دژ بە مێینە، کێشەی دێرینی مرۆڤایەتییەو تازەکی ئاوڕی لێدراوەتەوە، لە سەرتاسەری جیهاندا مێینە لەسەر فۆڕمی جیا جیا بە پێی کۆمەڵگاکانیان توندو تیژییان لە دژ دەکرێت. ئەمڕۆ لە دنیادا دەزگاو ڕێکخراوەکان ڕوو لە فرەیی دەکەنو لە هەموویان بەرفراوانترو بڕوا پێکراوتریش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە زۆرینەی نەتەوەو دەوڵەتانی دنیا ئەندامن تیایدا. ئەمڕۆ ئەو ڕێکخراوە سەروەستێتی جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤە لە ڕێگەی دەوڵەتانەوە. بە پێی ڕێکەوتننامەو لێژنەی جیا کاری دژی ئافرەت کە زۆرینەی دەوڵەتانی دنیا مۆریان کردووە نابێت توندو تیژی لەسەر مێینە بمێنێت.

گەلی کوردیش گەرچی خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، تا ئەندام بێت لەم ڕێکخراوەدا، بەڵام هیچ کەمایەتییەکی نییە بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دنیادا لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، بۆیە هەنگاونانمان بەرەو ژیانی مەدەنیو کۆمەڵگایەکی تەندروستو ئەرکی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەمان دەخاتە ئەستۆ، (ڕێکخراوێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی دژ بە مێینەکان لەم کۆمەڵگایەدا) دیاردەی توندو تیژیش دژ بە ئافرەتان بە تەنها دیاردەی کۆمەڵگای ئێمە نییە، بەڵکو سەرتاسەری گەلانی جیهان ئاڵوودەی ئەم نشوستییە نا مرۆییە بوونەتەوە،لە کۆنەوە گەلی کورد بە تەنگ ڕەگەزی مێینەی ناو کۆمەڵگاکەی خۆیەوە هاتووەو کەم تا زۆر نەبوەتە هۆی قاتی بونی دەرفەت بۆ ئەو بەشەی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەشدا توندو تیژی دژ بەو بەشە گەورەیەی کۆمەڵگا هەر بەرقەرارەو بە شێوازی جیا جیا، ئەم ئێستا کە لە سەردەمی دنیای پەیوەندییەکانو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ورد دا، نەبوونی دەزگایەکی موئەسەساتی سیستەماتیك لە کۆمەڵگاکەماندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی لەسەر مێینە نەنگییەکی حاشا هەڵنەگرە.

ئەمە هەندێ لە وتەکانی بەیاننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاری توندو تیژی لەسەر مێینە بوو. بۆ زیاتر ئاشنا بوونمان بەم ڕێکخراوەو چۆنێتی کارکردنو چالاکییەکانیان سەردانی ئەم ڕێکخراوەمان کرد، **خاتوو (خانم ڕەحیم لەتیف) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسوودە**مان بینیو لێمان پرسی:

– ڕێکخراوی ئاسوودە بۆچی دروست بووە؟

+ ڕێکخراوی ئاسوودە وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی یاسایی بێلایەن لە ڕووی سیاسییەوە، بە مەبەستی بەرەنگاری کردنی توندو تیژی لە هەموو ڕووەکانییەوە بەرامبەر مێینەی مرۆڤ دروست بووە.

ئەم ڕێکخراوە بڕوای تەواوی بە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤو یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز هەیە، تێدەکۆشێت لە پێناو نەهێشتنی توندو تیژی جەستەییو سایکۆلۆژی لەسەر ڕەگەزی مێینە، ئەم ڕێکخراوە پاش زنجیرەیەك کۆبوونەوە بە بەشداری کەسانی پەیوەندیدار بە توندو تیژییەوە، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر، ئەندامی ڕێکخراوەکانی ژنان، پاش لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی توندو تیژیو لایەنە جۆر بە جۆرەکانی ئەم دیاردەیەو ئاکامە مەترسیدارەکانی، پاش لێکۆڵینەوەو تەماشاکردنی هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان بەگشتیو ئافرەتان بە تایبەتی، بینرا بۆشاییەك لەم بوارەدا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ناحکومی یاسایی بێلایەن دژ بە توندو تیژی لەسەر مێینە درا.

1- ئەم ڕێکخراوە لە بەرواری 2000/12/24 دا بڕیاری دامەزراندنی درا.

2- لە بەرواری 2001/5/5 دا بەیاننامەی دامەزراندنی بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

3- لە بەرواری 2001/6/20 بۆ 2001/7/21 خولێکی پێگەیاندنی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارمەندانی ڕێکخراوەکە بە ئەنجام گەیاند، کە تیایدا چەندین کەسایەتی پسپۆڕو شارەزا لە بوارە جۆر بە جۆرەکانداو بە تایبەت لە بواری توندو تیژیو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەو چۆنیەتی بە دەنگەوە چوونی حاڵەتەکانو ڕێگاکانی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ حاڵەتەکانو .. .. .. چەند بابەتێکی تری زانستی هەمەجۆری تیادا وترایەوە، نوێنەرانی ڕێکخراوە ناوخۆییو جیهانییەکان تیایدا بەشداربوون.

4- لە بەرواری 2001/9/1 کارمەندەکان پاش قۆناغی ئەزموونی، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، دەست بە کاربوون.

-ئەو ڕێکخراوو لایەنانەو کەسایەتییانەی کە ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە پێکهاتنی ڕێکخراوی ئاسوودە کێن؟

+ 1- ڕێکخراوی خانزاد

2- سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕووناکبیری ژنان.

3- ڕێکخراوی NPA نەرویجی.

4- زانکۆی سلێمانی.

5- پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.

6- چەند پارێزەرێکی لە خۆبردوو.

7- چەند کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرو نووسەری شاری سلێمانی.

8- چەند کەسایەتییەکی ناوداری بزووتنەوەی ئافرەتان.

- ئامانجەکانی ڕێکخراوی ئاسوودە؟

+ *نەهێشتنی جیاکاری توندو تیژی لە سەر ڕەگەزی مێینە.

* بە کۆمەڵایەتی کردنی کێشەی توندو تیژی لەسەر مێینەو بەهێزکردنی ڕای گشتی، بۆ نەفرەتکردن لەم دیاردەیە.

* وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ئاکامە ترسناکەکانی توندو تیژی لە سەر مێینە.

* بەهێزکردنی گروپەکانی فشار بۆ گۆڕینی یاسا پەیوەندیدارەکان کە لە بەرژەوەندی نەمانی توندو تیژی لە سەر مێینە.

- بەشە سەرەکییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەچی پێك هاتووە؟

+ بە ڕەچاوکردنی ئەو حاڵەتانەی کە توندو تیژی لە چەند بوارێکی جۆراو جۆردا لە سەر ڕەگەزی مێینە جێبەجێ دەکرێت، کە هاوکێشەیەکی نائاسایی لێك هەڵپێچراو لە ئاکام تراژیدیای نا مرۆڤانەی دروست کردووە، کە ئەمەش پێویستی ئەوەی هێناوەتە ئاراوە کە لە چەند ڕوویەکەوە بەرەنگاری ئەم دیاردەیە بکرێت، هەر لەم سۆنگەیەوە ڕێکخراوی ئاسوودە لە سێ بەشی سەرەکی پێك هاتووە:

1- بەشی پارێزگاری: ئەم بەشە یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی ڕێکخراوی ئاسوودە کە دەچێت بەهانای ئەو ئافرەتانەی کە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر باری جێبەجێ بوونی توندو تیژییەوە، ئەرکی سەرەکی پاراستنی قوربانیانی توندو تیژی لە کوشتنو ئەتککردنو لێدانو تاوانی سێکسیو سووکایەتی پێکردنو توندو تیژی دەروونی، لە سەرەتای کارەکانیەوە بەو هیوایەی بتوانێت زۆرترین کێشە چارەسەر بکات لەم بوارەداو بتوانێت چارەسەری زانستی بدۆزێتەوەو بە ئەزموونی خۆی هاوکاری دامەزراوەکانی تر بکات بۆ بەرەوپێش بردنی کارکردن لەم بوارەدا. ئەم بەشە کار دەکاتو زۆربەی کارەکانی چارەسەری ڕاستەوخۆیە بۆ قوربانییەکانو لەم ڕێگایەوە هەڵدەستێت بە بەشداریکردن لە کەمکردنەوەو نەهێشتنی توندو تیژیدا بەرامبەر ڕەگەزی مێینە، لە میانەی کاری ڕۆژانەیی و ماوە درێژخایەنەکاندا، ئەم بەشە بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت بۆ بەگەڕخستنی تواناکانی کۆمەڵ بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانو لە پێش هەموویانەوە خێزان هەروەها لەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بە تەنگەوە هاتنی ئەم کێشەیە، لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی فشار لەسەر دەوڵەت بۆ بەرەوپێش بردنی یاساکانی کۆمەڵ.

2- بەشی وشیاری: ئاشکرایە کە مەسەلەی توندو تیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەگو ڕیشەی قوڵی هەیەو کێشەیەکی فرە ڕەهەندی کەلتوریو کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییە، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دژی مێینە لەسەر ئاستە جیا جیاکانی خێزانو پەروەردەو مەیدانە گشتییەکانو لەسەر ئاستی سیاسیو بە شێوازی جۆراو جۆر پیادە دەکرێت ڕێکخراوی ئاسوودەش بە ئامانجی ئەوە دروست بووە کە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە بدات لەسەر مێینەو بە شێوازی جیا جیا بێتە مەیدانەکەوە بۆ ئەوەی شوێن دەستی دیار بێت، بەشی وشیاری (ئاسوودە) دەیەوێت لە پلانی ئێستاو ئایندەدا بە پێی ئەو توانایانەی لەبەر دەستدایە هەوڵی بە کۆمەڵایەتیکردنی مەسەلەی توندو تیژی بداتو بە پێی توانای هەوڵی وروژاندنو دروستکردنی ڕایەکی کاریگەر لە پێناو وشیارکردنەوەی خەڵك کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەسەر مێینە بدات، هەڵبەتە بۆ ئەمەش پلانێکی ڕێكو پێکی دەوێت بۆ ئەوەی کارەکانی بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە بچێت.

3- بەشی توێژینەوە: ئەم بەشە دەیەوێت لە ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی توندو تیژی ئەنجام بدات بە مەبەستی دەرخستنی لایەنو ئاکامەکانی توندو تیژی، کۆکردنەوەی ئامارو زانیاری،

بۆ ل11

## چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

بۆ ڕێز گرتنو شکۆدار کردنی ڕۆژەکانی (8)ی مارس ڕۆژی ئافرەتانی جیهانیو (10)ی مارس یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراقو کوردستان ڕۆژی پێنج شەممە کاتژمێر (9)ی سەر لە بەیانی لە بارەگای کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان پێشانگایەکی تایبەت بەم دوو یادە لە لایەن هونەرمەندان خاتوو (بەیان ستار)و خاتوو (نیان) کرایەوە بە چەندین تابلۆی جۆراو جۆر کە گوزارشتی لە کێشەو بێ مافی ئافرەتان دەکرد، هەروەها بەڕێز (نەوزاد محەمەد) بە چەند بەرهەمێکی فۆتۆگرافی بەشداری پێشانگایەکەی کردو هەروەها (سامان هیدایەت) بە چەند بەرهەمێکی کاریکاتێری بەشداری کرد.

ئەمەو جەماوەرێکی زۆر لە لایەنو کەسایەتییەکان سەردانیان کردین بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن بە بۆنەی ڕۆژانی (8)و (10)ی مارس.

## دهۆك

## کۆڕێك لەبارەی 8ی مارسەوە

ڕۆژی (8)ی ئەم مانگە، بە بۆنەی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانەوە، کۆمیتەی پارێزگای دهۆکی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان کۆڕێکی فراوانی بۆ هاوڕێ (فەتحیە) گێڕا لەبارەی بارودۆخی ئافرەتان لە جیهان بە گشتیو عێراقو کوردستان بە تایبەتی. لە کۆڕەکەیدا بەڕێزی تیشکی خستە سەر جۆرەکانی چەوساندنەوەی ئافرەتان لە سەرتاسەری جیهاندا.

شایانی باسە جەماوەرێکی زۆری ئافرەتان ئامادەی کۆڕەکە بوون.

## 8ی مارس ڕەمزی خەباتو تێکۆشانە

جەماوەری ئازادیخواز

وەك ئاشکرایە ژنانو ئافرەتان کاروانێکی دوورو درێژە لە سەرتاسەری دنیا بە شێوەو فۆڕمی جیا جیا چەوساونەتەوە، هەر لە هەڕەشەو سووکایەتیو لێدانو ئەتککردنو توندوتیژی جۆراو جۆر، هەتا دەگاتە تیرۆرو کوشتنی ژنان، کە ئەوەش دۆخێکی نالەباری بۆ سایکۆلۆژیەتی ئافرەتان بە گشتیو بە درێژایی ئەم مێژووە دروستکردووە، هەر چەندە ئەمڕۆ خەباتو بزووتنەوەی ژنان لەسەر ئاستی جیهاندا لە گەشەسەندندایەو، سەدان ڕێکخراوو کۆمەڵە هەن بە ئامانجی نەهێشتنی ئەم ناهەقیانەی ئافرەتان لە خەباتکردندا، بەڵام دیارە ئەوە دەنگێکە لەچاو ئەو دیاردە نامرۆڤایەتییانەدا لە ئاستی پێویستدا نەبووە، بۆیەش تا ئێستا ئەم ڕەوشە لای ژنان بەردەوامی هەیە.

ئافرەتانی بەشمەینەتو ئازادیخواز

ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاددا لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991دا خەباتی ئافرەتان لە بەرچاوەو، بوونی خۆی هەیەو، لەگەڵ ئەم کاروانەی جیهاندا یەکی گرتۆتەوە، بەڵام وەك دیارە ژنانو ئافرەتانی کوردستان بەشی زۆری ئەم چەوسانەوەو بێ مافییەیان بەر کەوتووە، کە ئامارەکانی تیرۆرو خۆسووتاندن گەواهی ئەم ڕاستییەن، بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێك ئێمەی ئافرەت پێویستیمان بە پاڵپشتی دەنگو توانای ئێوەی بەشمەینەتیو کەسانی ئازادیخوازو باوەڕ بوو بە مەسەلەکە هەیە.

ئافرەتانی تینوو بە ئاشتیو سەرفرازی

ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەولێرو سلێمانی ئەمڕۆ خەباتو بزاڤی خۆی یەکخستووەو، تواناکانی خۆی بۆ یەکخستنی گوتارو دەنگی ناڕەزایی ژنان خستۆتە گەڕ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئێمەی ئافرەتان لەگەڵ بوونی ئەو بارە ناهەموارەو، سەقامگیر نەبوونی ئاشتییەکی تەواو لە کوردستانداو، لەگەڵ جیاوازی بیروڕای هەر یەکەمان بزووتنەوەی ژنان ئەمڕۆ لە خەباتدایە بۆ ئەوەی هەرچی ناهەقییەك بەرامبەر ئافرەتانی کوردستان هەیە بنەبڕی بکاتو، بەڵێن دەدەین کە تا تنۆکێك زەبروزەنگ لەسەر ژنان مابێت، ئێمە وەك ناوەندی هاوبەشی هەردوولا لە خەباتو تێکۆشان بەردەوام دەبین.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای ژنانو ئافرەتانی کوردستان

بەرزو پیرۆز بێت 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

**ناوەندی هاوبەشی**
**ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتانی کوردستان**
**8ی مارسی** 2002



## بەیاننامەی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان به بۆنەی (8)ی ئادار ڕۆژی جیهانی ئافرەتانو (10)ی ئادار یادی (50) ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئافرەتانو (یۆبیلی زێڕین)

جەماوەری ئازادیخواز..
ئافرەتانو پیاوانی یەکسانیخواز..

پێش (50) ساڵ لەمەوبەر لە ساڵی 1952 ئافرەتانی عێراق بە تەواوی نەتەوەو ئایینەکانیانەوە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم وڵاتەدا دەنگی ناڕەزایەتییان لە دژی پلە دوویيو جیاکاری دژ بە ئافرەت بەرز کردەوە، ئەمەش بووە هەوێنی لەدایك بوونی ڕێکخراوێکی ئافرەتان بۆ داکۆکی کردن لە ئافرەتو خستنە ڕووی کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیو یاساییو ئابووریو سیاسیەکانو پتەوکردنی سەنگەری یەکسانیخوازی لە دژی عەقڵییەتی دواکەوتووی کۆمەڵگا. ئەم ڕێکخراوە کە لە (10)ی مارسی ساڵی 1952 خۆی ڕاگەیاندو بە ناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق) توانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەیان هەزار ئافرەت بخاتە ژێر چەتری ڕێکخستنەکانییەوەو کە هەتا هەنووکەش درێژە بە کارو خەباتی دەدات لە ناو ریزی ئافرەتاندا، دیارە دروست بوونی ڕێکخراوێکی ئافرەتان لە قۆناغێکی پێش (50) ساڵ لەمەوبەر گرنگییەکی مێژوویی هەیە بە تایبەت دوای ئەو هەموو دەستکەوتە نموونەییو مێژووییانەدا وەکو گۆڕینی چەند بڕگەیەك لە یاساکانی (ئەحوالی شەخسی) (بڕگەکانی تایبەت بە میراتیو شایەتیو فرە ژنی) ئەمەو جگە لەوەی بە هەوڵو بازووی ئافرەتە تێکۆشەرەکانی ریزی ئەم ڕێکخراوە توانرا بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی ئەم وڵاتە ئافرەتێکی لێهاتوو بەناوی خاتوو (نەزیهە الدلیمی) کە ئەودەم سکرتێری ڕێکخراوەکە بوو بگاتە پۆستی وەزارەتو کاروباری وەزارەتی شارەوانی ڕاپەڕێنێ... هەروەها ڕێکخراوەکەمان لە مێژووی خەباتیدا بەشداری تەواوی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کێشەی ئافرەت کردووە بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانو ناساندنو گەیاندنی دەنگی ئافرەتانی عێراق بە هەموو دونیا.

ئەمەو جگە لەوەی کە ئەم ڕێکخراوە تێکۆشەرە بوێرانە هاتۆتە مەیدانی خەباتی سیاسیو ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە ڕووداوە سیاسییەکانی گۆڕەپانی ئەم وڵاتەو لەپێناو مەسەلە چینایەتییەکاندا خوێنی چەندین ئافرەتی کادیری کردۆتە سیمبولی خەباتو قوربانیدان. نموونەی (ئایشە گوڵ، لینا، أم ذکری، عائدە یاسین.. هتد)و ئەمەو تا ساتی نووسینی ئەم بەیاننامەیە دەیان کادیری تری لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعس دەگوزەرێنو خۆڕاگرییان دەکەنە دەستە گوڵی خەباتی دەستی هەموو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو یەکسانیخواز.

ئەم ڕێکخراوە هەمیشە مایەی سەرنجو بێزاری دوژمنانی بووە هەر بۆیە لەگەڵ هەر ڕووداوێکی سیاسی نەدەگونجاو بوێرانە پەنای بردۆتە بەر کاری نهێنیو بەبێ سڵکردنەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان ئەم ڕێکخراوە بەشداری فیعلیو کاریگەرو بوێرانەی گێڕاوە بۆ ڕزگار کردنی گەلەکەمان لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعسو ئازادبوونی کوردستان.

بەرقەراربوونی کەشوهەوای ئازادی لەم سنوورەدا زەمینەی لەباری ڕەخساند بۆ گێڕانی کارو چالاکی جۆاوجۆر، هەر بۆیە جارێکی دی هاوچەشنی ساڵانی ڕابردووی بوێرانە هاتەوە مەیدانی خەباتو جێی دەستی لە زۆرینەی ئەو چالاکییە دەستە جەمعییانەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تۆمار کردووە وەکو بەرزکردنەوەی یاداشتنامەیەك بۆ حکومەتی هەرێم سەبارەت بە گۆڕینی یاساکانی (ئەحوالی شەخسی)و جگە لە چەندین چالاکی جۆراوجۆرو بەشداری کردن لەو دەستە هاوبەشانەی بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان، لە شەڕی ناوخۆدا زۆر بە زەقی هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاندو پەیامی ئاشتی بەرزکردەوە. هەروەها ڕێکخراوەکەمان یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە ڕۆڵی هەرە گرنگی بینیوە لە دامەزراندنی ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانو ژنان لە هەردوو دەڤەردا.

ئافرەتانی هێژا:

ئەوەی زیاتر ئەم یادە بەرزو شکۆدارتر دەکات هاوکات بوونی لەگەڵ ڕۆژی (8)ی مارس ڕۆژی جیهانی ئافرەتان هەر بەم بۆنە پیرۆزەوە پیرۆزبایی لە خۆمانو سەرجەم ئافرەتانی عێراقو کوردستان دەکەین.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو ئافرەتە تێکۆشەرانەی لەپێناو ئازادیدا گیانیان بەخت کرد.

سڵاو لەو ئافرەتانەی کە تا ئێستا لە زیندانە تاریکەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعس خۆڕاگرانە ژیان بەسەر دەبەن.

سڵاو لە ئافرەتانی قوربانییانی توندوتیژیو زەبرو زەنگ.

بەرزو بەڕێز بێت هەردوو یادی (10،8)ی ئازار سمبولی خەباتی ئافرەتان.

**کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان**
**ئازاری** 2002

## کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی 8 مارس

تانیا محەمەد ئەمین

نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر لە کۆنگرەی دووەمی جیهانی ئافرەتانی سۆسیالیستدا کە لە (کۆبنهاگن)ی پایتەختی دانیمارك ساز کرابوو خاتوو (کلارا زیتکین) کە ئافرەتێکی ئەڵمانی بوو دامەزرێنەری حزبی شیوعی ئەڵمانی بوو پێشنیاری کرد ڕۆژی (8)ی مارس بکرێت بە ڕۆژی هەموو ئافرەتانی جیهانی. دیارە ئەم پێشنیارەی خاتوو (کلارا) بە خۆرسکی نەهاتە بەرهەم بەڵکو بۆ ڕێز گرتن لەو (129) ئافرەتەی کە لە یەکێك لە کارگەکانی ڕستنو چنین لە شیکاغۆ گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناو چاککردنی بارو گوزەرانی ژیانیان، پێشنیارەکەی ئەم ئافرەتە شۆڕشگێڕە پاش تێپەڕبوونی (53)ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە پێشکەش کراو لە کۆنگرەی دووەمی جیهانی ئافرەتانی سۆسیالیست خرایە بەردەم ئەندامانی کۆنگرەو پەسەند کرا، لەو ڕۆژەو ئەم یادە لای گشت لایەنە پێشکەوتنخوازەکان بە ڕۆژی ئافرەتانی جیهانی ناسراو لە ساڵی 1911 لە وڵاتانی ئەڵمانیاو نەمساو دانیماركو سویسرا بۆ یەکەمین جار ئەم ڕۆژە بە ڕەسمی ناسراو، دواتر ئەم ڕۆژە لە هەموو دنیادا، لە لایەن ناوەندە ڕەسمییەکانو هێزە پێشکەوتووخوازەکان یادی دەکەنەوە، لە کوردستانیشدا هاوچەشنی هەموو وڵاتانی تر ساڵانە ئەم یادە پڕ شکۆیە بەرز ڕادەگیرێتو دەبێتە سیمبولی بەرز کردنەوەی داواکارییەکانی ئافرەتان.

ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت پاش ئەو هەموو یادکردنەوەو بەستنی چەندەها کۆنگرەی نێو دەوڵەتی نەتوانرا بە پێی پێویست گۆڕانکاری ریشەیی لە بارودۆخی ئافرەت بکرێت. بە تایبەتی ئافرەتانی کۆمەڵگای ئێمە دەتوانین بڵێین ژیانێکی پڕ لە نەهامەتیو بێ مافیو سوکایەتی پێکردن دەبەنە سەر، ڕۆژانە گیانیان بەر خەنجەری ژەنگاوی پیاوسالاریو عەقڵیەتی دواکەوتووی کۆمەڵگا دەکەوێتە مەترسییەوەو تا دەگاتە تاڵ کردنی ژیانیانو پاڵ پێوە نانیان بۆ خۆکوشتن. بۆیە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتانو ژنانو لایەنو کەسایەتییە پێشکەوتوخوازەکان میکانیزمی کارکردنیان بە شێوەیەك ئاراستە بکرێتو دەستکەوتەکانیان بکەنە دەستە گوڵی سەرکەوتنو لە ڕۆژی 8ی مارسدا پێشکەشی ئافرەتانی بکەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بزاوتی یەکسانیخوازی بە درێژایی ڕۆژەکانی ساڵ لە سڕ بوونو بێدەنگی دایەو تەنها لە ڕۆژی (8)ی مارسدا بیر لەوە دەکرێتەوە لەم یادەدا چەند چالاکییەك بنوێننو ئیدی ڕۆژانی دی فەرامۆش دەکرێت ئەمەش فاکتەرێکە بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەوەی ڕەوتە تاریکخوازەکان کۆمەڵگا بکەنە پێگەی بڵاوکردنەوەو گەشە پێ سەندنی بیروباوەڕی دواکەوتوو.

دیارە من لێرەدا نامەوێ هێڵێکی ڕاستو چەپ بدەم بەسەر هەوڵو خەباتی ئافرەتان کە بە درێژایی ساڵانی پاش ڕاپەڕین چ بە شێوەی تاکرەوی بێت یاخود بە شێوەی دەستە جەمعی تێکۆشانی خۆیان وەگەڕ خستووە بۆ وەستان لە دژی هەموو جیاکارییەك کە لە دژی ئافرەت دەکرێت.